# سەردانەکەی مەلیك عەبدوڵڵا وعەبدولفەتاح سیسی بۆ عێراق بەرەو رۆژهەڵاتی نویێ دەڕۆین؟

25-03-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** بەغدا خۆی بۆ میوانداریی مەلیك عەبدوڵڵا وعەبدولفەتاح سیسی ئامادە دەکات کە وا چاوەڕواندەکرێت لە رۆژانی داهاتوودا بۆ چوارەمین کۆبوونەوەی لوتکە لەبارەی پەیوەندییە سێقۆڵییەکانیان بێنە عێراق. دانووستاندن لەسەر ئەو پەیوەندییانە، لە چواردەوری پرۆژەی "شامی نوێ"دا چڕتربوونەتەوە. بەجۆرێك کە لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵی رابردوودا سێ کۆبوونەوەی لوتکە کراوە و ئێستاش چاوەڕوانی چوارەمیانین

**بەرایی**

بەغدا خۆی بۆ میوانداریی مەلیك عەبدوڵڵا وعەبدولفەتاح سیسی ئامادە دەكات كە وا چاوەڕواندەكرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا بۆ چوارەمین كۆبوونەوەی لوتكە لەبارەی پەیوەندییە سێقۆڵییەكانیان بێنە عێراق. دانووستاندن لەسەر ئەو پەیوەندییانە، لە چواردەوری پرۆژەی "شامی نوێ"دا چڕتربوونەتەوە. بەجۆرێك كە لەماوەی كەمتر لە سێ ساڵی ڕابردوودا سێ كۆبوونەوەی لوتكە كراوە و ئێستاش چاوەڕوانی چوارەمیانین.

شامی نوێ لە ڕواڵەتدا پرۆژەیەكی ئابوورییە كە كار لەسەر گواستنەوەی نەوت، وزە و دروستكردنی ڕێڕەوی بازرگانی دەكات بەڵام، لە كاتێكدا كە بێجگە لە ئەمریكا، چین، ڕووسیا و ئەورووپاش ئامادەییەكی زیاتریان لە ناوچەكە هەیە و لە وەختێكیشدا كە هەوڵەكانی دروستكردنی هاوپەیمانی نوێ لە ناوچەكە زیاتركراون، شامی نوێ دەتوانێت پرۆژەیەكی جیۆپۆلەتیكی جیاواز بێت ئەگەر سەربگرێت. هەڵبەت پرسیاری یەكەم لێرەدا ئەوەیە كە داخۆ ئەم پرۆژەیە سەردەگرێت یان نا؟ ئەگەریش سەربگرێت دەتوانێت چ كاریگەرییەك لەسەر هەرێمی كوردستان دابنێت؟

**شامی نوێ**

لە ساڵی 2019وە بیرۆكەی هاوكارییەكی توندوتۆڵی ئابووری لە نێوان عێراق- ئوردون و میسر، لەلایەن عادل عەبدولمەهدی وە پێشخرا و لەسەر ئەو بنەمایەش یەكەمین كۆبوونەوەی لوتكە لە ئاداری ئەوساڵە لە قاهیرە كرا. دووەمیان لە نیۆیۆرك و سێیەمیان لە عەمان كرا و بڕیارە چوارەمیشیان لە بەغدا بكرێت. مستەفا كازمیش لەسەرووبەندی سەردانەكەیدا بۆ واشنتن باسی لە پرۆژەی "شامی نوێ"ی كردبوو بەڵام، لە چەند بۆنەیەكی دیكەشدا جەختی لێكردۆتەوە و بە پرۆژەی حكومەت ناوی بردووە.[1] شامێكی نوێ لە بنەڕەتدا لە لایەن بانكی نێودەوڵەتییەوە لە ساڵی 2014 باسكراوە. بە پێی ئەوەش، 7 وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی نزیكی جوگرافی لە بازاڕە گەورەكان، هاوشێوەیی ئاستەكانی گەشەكردن، دەتوانن بچنە ناو پرۆسەیەكی قووڵی ئینتەگرەیشتنی ئابووری كە سوودی بۆ هەموولایەك هەبێت.[2]هەڵبەت ئەوشامە تازەیەی كە مستەفا كازمی باسی لێدەكات، دەشێ بچووككراوەی ئەوەی بانكی نێودەوڵەتی بێت. ئەمەی كازمی باس لە تێكەڵبوونی ئابووریی جوگرافیایەكی 1529109كم دووجا دەكات كە نفووسێكی لە سەرووی 156 ملیۆن كەسی تێدایە و كەنداو بە دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور دەبەستێتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەش كە بڵاوكراونەتەوە، شامە تازەكەی كازمی و پەیوەندییە سێقۆڵییەكانی ئەو وڵاتانە، دوو ڕەهەندی گرنگیان هەیە:

یەكەم: ڕەهەندی ئابووری

ئالێرەدا یەكەم شتێك كە دەردەكەوێتە پێش، زیندووكردنەوەی باسی بۆریی گواستنەوەی نەوتی بەسرە ـ عەقەبەیە كە لە ساڵی 2013وە ئیمزای لەسەر كراوە. وا پێشبینی دەكرێت ئەو هێڵە لە دوو قۆناخدا یەكەمیان لە ڕومەیلانەوە هەتا حەدیسەو و دواتریش لە ئەنبارەوە بۆ بەندەری عەقەبە لەسەر دەریای سوور بگوازرێتەوە. ئەمە بەجۆرێك دیزاین كراوە كە ڕۆژانە 2.25ملیۆن بەرمیل بگوازێتەوە بۆ ئەنبار و لەدوای ئەویش، ڕۆژانە توانای گواستنەوەی 1ملیۆن بەرمیلی بۆ بەندەری عەقەبە هەبێت. بەڵام، تا ئێستا جێبەجێ نەكراوە و بەهۆكاری ئەمنی، ئابووری و سیاسییەوە دواخراوە.[3]

خاڵێكی دیكە فرۆشتنی نەوتە بە نرخی هەرزان بە ئوردن كە بەپێی هەندێك سەرچاوە 16دۆلار كەمتر لە نرخی بازاڕ بێت. ئەمەش "150هەزاربەرمیل بێت"[4] لە هەقی گواستنەوەو هاوكاریی ئابووری نێوانیان. هەروەها میسریش لەچوارچێوەی بیرۆكەی "نەوت بەرامبەر ئاوەدانكردنەوە"دا بەشداری لە ئاوەدانكردنەوەی عێراقدا بكات. سەرۆكوەزیرانی میسر ساڵی ڕابردوو هاتە عێراق و گوتی كە "دەمانەوێ میكانیزمی نەوت بەرامبەر ئاوەدانكردنەوە خێرا بكەین"[5] و لەو سەردانەشدا هەردوولا 15 یادداشتنامە و لێكتێگەیشتنیان لە بواری جیاجیا مۆركرد.

بابەتێكی دیكەی گرنگ، بەستنەوەی هێڵی كارەبای عێراق و ئوردن وهێنانی كارەبایە بۆ عێراق لە میسر. حكومەتی عێراق و ئوردن لە 2020دا ڕێككەوتنێكیان كردووە بۆ بەستنەوەی تۆڕی كارەباكانیان بە یەكتری. بەپێی ئەوەش لە ساڵی 2022دا، ساڵانە 1000 گیگاوات[6] بۆ وێستگەیەكی كارەبا لە قائم-ئەنبار دەگوازرێتەوە. ئوردن بۆخۆی كارەبا لە میسرەوە هاوردە دەكات و چاوەڕوان دەكرێت لەڕێی ئەو

تۆڕەی کارەباوە کە 300کم درێژە، عێراق کارەبا لە میسر وەربگرێت. میسر ئێستا وەك وڵاتێکی هەناردەکاری کارەبای لێهاتووە و ڕیژەی بەرهەمهێنانی کارەبای لە ئاستی بەکارهێنانی ناوخۆیی زیاترە.[7]

ئەکتیفکردنی هێڵی وشکانی- ئاویی لە نێوان هەر سێ وڵات بە جۆرێك کە بەغدا، عەمان و قاهیرە بە یەك ببەستێتەوە، بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆی کرێکارانی میسری و خوێندکارانی نێوان هەر سێ لا یەکێکی دیکە لە مژارەکانە. وەزیری گواستنەوەی میسر ڕایگەیاندووە کە کۆمپانیای سوپەر جێتی میسری و کۆمپانیای جێتی ئوردونی و کۆمپانیایەکی عێراق تایبەت بە وەفد وگەشتیاران، ڕێککەوتوون هەتا بۆ گواستنەوەی وشکانی و گواستنەوەی ئاویی لە نێوان بەندەری عەقەبە و بەندەری نویبع، 130 دۆلار لەهەر گەشتیارێك وەربگرن.[8] ئەمەش بۆ هاتووچۆی نێوان هەر سێ وڵات ئاسانکارییەکی گەورە دەبێت.

دووەم: ڕەهەندی سیاسی

دیوانی پادشایی ئوردون لە دوای سێیەمین کۆبوونەوەی لوتکەی هەرسێ لا، بەیاننامەیەکی دەرکردووە و تییدا باسی لەوە کردووە کە ئەوان بێجگە لە مژارەکانی پتەوکردنی هاوکاری ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان لە بەینی ئوردون، میسر و عێراق، باسیان لە بابەتە ناوچەییەکانیش کردووە.[9]مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش بەرلە کۆبوونەوەکە گوتبووی کە ئەوان باسی پێشهاتەکانی ناوچەکەش دەکەن. لە کۆبوونەوەکەی نیۆیۆرکیشدا هەرسێ وڵات باسی چارەسەریی پرسی فەلەستینیشیان کردبوو. بۆیە ئەم دانووستاندنانەی نێوان هەر سێ وڵات ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە و ئەگەریش بیرۆکەی شامی نوێ سەربگرێت، ڕەنگە ڕەهەندی ئەمنیش پەیدا بکات.

هەرسێ لا ڕێککەوتوون کە سکرتارییەتێك بۆ بەدوادواچوونی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی نێوانیان دابمەزرێنن و عەمانیشیان وەك بارەگای هاوئاهەنگی هەرسێ لا دیاریکردووە.[10]

**شامی نوێ وەك پرۆژەیەکی جیۆسیاسی**

شامی نوێ یان بە واتایەکی دیکە پەیوەندییە ستقۆڵییەکانی میسر، ئوردون وعێراق، کاتێك واتادار دەبێت کە لە دەقی هاوپەیمانی و ڕکابەرییە سیاسی و ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەماشا بکرێت. لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا، چین و ڕووسیا بەشێوەیەکی زیاتر هەوڵیانداوە کە شوێندەستی سیاسی و ئابووری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێن و بەشێك لە وڵاتانی ئەورووپاش بە تایبەتی فەرەنسا بۆ ئەوە تەقەلا دەکات. دەستوەردانی سەربازی ڕووسیا لە سووریا و داکوتانی پێگەیەکی خۆی لە دەریای نێوەڕاست، لەگەڵ هەوڵەکانی فرۆشتنی تەکنەلۆژیای جەنگی و بەرگری بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نموونەی هەوڵەکانی کرملینن بۆ ڕۆڵگێڕانی زیاتر. کشانەوەی ئەمریکا لە 2011 لە عێراق، کەمبوونەوەی پایەندییەکانی ئەمریکا بە پاراستنی هاوپەیمانەکانی لە سەردەمی ترەمپ و تەنانەت بڕیاری ڕاگرتنی فرۆشتنی چەك بە سعودی لەسەردەمی بایدن وایکردووە کە بەشێك لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی ئەو وڵاتە لەم ناوچەیە بەدوای ڕێگای نوێ بن بۆ دابینکردنی ئاسایش و بەرگری خۆیان. ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ ڕووسیا و چین ڕەخساندووە تا جێپێی خۆیان لەم ناوچەیە بکەنەوە. ڕووسیا بە پشکی 19.3%وە لە دوای ئەمریکا، دووەمین هەناردەکاری گەورەی چەکەمەنییە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا. چینیش بە 2.5%وە لە پلەی شەشەمدایە.[11]ڕووسیا بە دوای بازاڕی نوێی چەکەمەنیدا دەگەڕێت و چینیش لە هەوڵی کەلکوەرگرتن لە ناکۆکییە هیند و پاکستان، ناکۆکییەکانی ئێران و ئەمریکایە بۆ سەرمایەگوزاری لە لێوارە ئاوییەکانی ئەو وڵاتانە. پاڵپشتی لە پرۆژەی بەندەری گوادر لە پاکستان و گرێبەستی 25 ساڵە لەگەڵ تاران و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەی نەوت بەرامبەر ئاوەدانکردنەوە لە ریزی ئەو هەوڵانەدان. بەشێوەیەکی گشتی، کەمبوونەوەی بایەخی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، شوێنی زیاتری بۆ چین و ڕووسیا کردۆتەوە و ئەمەش کاریگەریی لەسەر جەمسەربەندییەکانی ئەم ناوچەیە داناوە و دەتوانێت لە ئاستی ناوچەییەدا ناکۆکییە سیاسی و ئابوورییەکان لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکان زیاتر بکات.

جەمسەری تورکیا- پاکستان- قەتەر لەگەڵ هەر سێ هێزدارە گەورەکەی جیهان لە پەیوەندیدان. جەمسەرێکی عەرەبی- ئیسرائیلی خەریکە شکڵ دەگرێت و ئەمانیش بەدوای باڵانسێکەوەن لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو سێ زلهێزەی جیهاندا. لە کاتێکدا کە باس لە پرۆژەی ناتۆی عەرەبی و ڕێککەوتنی سەدە بە پاڵپشتی ئەمریکا لە ئارادایە، ئیسرائیل بە هاوئاهەنگی ڕووسیا لە سووریا شەڕی ئێران دەکات و سعودیش کە زیاتر لە 75 ساڵە هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەدوای دەستخستنی چەك و تەقەمەنییەوەیە لە ڕووسیا و هەوڵی گەشە پێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین دەدات. جەمسەری ئێرانی کە زیاتر تێکەڵاوێکە لە دەوڵەتی ئێران و چەندین ئەکتەری نادەوڵەتی، زیاتر پاڵی بە چین و ڕووسیا داوە. ئالێرەدا، هاوپەیمانی عێراق، ئوردن، میسر، ئەگەر سەربگرێت و گەشە بکات، پوتانسیێلی ئەوەی تێدایە کە ببێتە چوارەم هاوپەیمانیی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست!

**بەربەستەکانی پرۆژەی شامی نوێ**

هەنگاوانی عێراق، ئوردن و میسر بۆ هاوپەیمانییەکی ئابووریی بەهێز، دەتوانێت لێکەوتەی گرنگی سیاسی و ئەمنیشی هەبێت. ئەمە کاندیدە بۆ چوارەمین هاوپەیمانیی گرنگ کە خەریکە شکڵ دەگرن و چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی زیادبوونی کاریگەریی ئەکتەرە هێزدارە گەورەکانی جیهان و بەهۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان، ململانێکانیان زیاتر ببن. بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییە سێقۆڵییەکانی میسر-ئوردون و عێراق، دەرفەتێکی گرنگ بۆ عێراق دەڕخسێنێت تا ڕێڕەوێکی تازە بۆ هەناردەکردنی وزە بدۆزێتەوە و لە ئەندازەی وابەستییەکانی بە گەرووی هورمز و ڕێگای تورکیا کەمبکاتەوە.

ئەگەروابێت، وادیارە عێراق دەیەوێت لە ماوەی درێژخایەندا لەڕێی دابەشکردنی هەناردەکردنی بەشێك لە نەوتی بەسرە لەڕێی ئوردن وناردنی بەشێکیشی لەڕێی هورمز و هەناردەکردنی نەوتی باکووریش لەڕێی تورکیاوە، باڵانسێك لە نێوان بەرەژەوەندییەکانی ئەنکەرە و تاران و هاوپەیمانیی شامی نوێ درووستبکات. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کازمی دەمێنێتەوە؟ ئایا حکومەتی دواتر کار لەسەر ئەمە دەکات؟ ئایا دۆخی ناوخۆیی عێراق سەقامگیر دەبێت یان نا؟

شامی نوێ دەرەفەتی ئەوە بە عێراق دەدات کە بەشێك لە کێشەکانی کارەبای خۆی چارەسەربکات و لە گوشارەکانی واشنتن بۆ کەمکردنەوەی وابەستەییەکانی خۆی بە وزەی ئێران کەمبکاتەوە. ئەمە دەرفەتی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دنیای عەرەبی، گەشەکردنی ئابووری و سەربەخۆیی زیاتر بە بەغدا دەدات. عێراق بە نفووسێکی گەنجەوە و بەهۆی هەبوونی حەوزەی نەجەف، کاندیدە بۆ ئەوەی ببێتە مەرجەعی سەرەکی لە دنیای شیعی، پیدەچێت پاڵپشتیی بەشێکی گرنگ لە هێزە گەورەکانی جیهان بۆ ئەمە هەبێت و دەشێ لەو دەلاقەیەشەوە تەماشای سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق بکرێت. هەڵبەت ببێ سەربەخۆییەکی زیاتری ئابووری و سیاسی، ئەستەمە بتوانێ ئەوە سەربخات. ئالێرەدایە کە پرۆژەی شامی نوێ ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕخسێنێ ئەگەر سەربگرێت. لێرەشدا پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئایا کاردانەوەی ئێران و هاوپەیمانە نادەوڵەتییەکانی دەتوانێت چ کاریگەرییەك لەسەر رەفتار و سیاسەتی حکومەتی عێراقی دابنێت؟

زیابوونی هاوکاری ئوردن و میسر لەگەڵ عێراق واتای بازاڕی زیاتر و دەرفەتی ئابووری زیاتر بۆ ئەوانیش دەدات. ئالێرەدایە کە هاتنی کۆمپانیا و هێزی کاری میسری و ئوردونی، مەترسیی بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا و ئێران درووستدەکات. ماوەیەك بەرلە ئێستا، موحسین رەزایی بەرپرسی دەستەی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە ئێران گوتبووی ناکرێ ئێمە ئاسایشی عێراق بپارێزین و دەسکەوتە ئابوورییەکانیش بۆ وڵاتانی دیکە بن!

لەم پرۆژەیەدا ئوردون رۆڵی خۆی وەك وڵاتی بەیەکگەیەنەر دەبینێت. ئەمەش لەگەڵ پرۆژەی تورکیا بۆ بەستنەوەی عێراق لەڕێگەی خۆیەوە بە دنیای دەرەوە و بە دیاریکراوی پرۆژەی جادەی فاو- سنووری تورکیا بەریەکدەکەوێت. هەروەها لەگەڵ خواستی ئێران بۆ گەیشتن بەدەریای نێوەڕاست لەڕێی عێراق و سووریاوە یەکناگرێتەوە.

میسر بە نفووسێکی زۆرەوە هەم بازاڕی دەسدەکەوێت هەم دەتوانێت هێزی کاریش رەوانەی هەردوولا بکات. ئەمەش رێك پێچەوانەی بەرەژوەندییەکانی ئێران و تورکیایە کە وەك بازاڕێکی گرنگ تەماشای عێراق دەکەن. لەڕووی سیاسیشەوە، میسر دەگاتە تەنیشت سنوورەکانی تورکیا کە لە لیبیا ودەریای نێوەڕاست گرفتی بۆ درووستکردووە.

**ئەنجام**

بەشێوەیەکی گشتی شامی نوێ دەتوانێت بژارە ئابووری و سیاسییەکانی عێراق زیاتر بکات و لەنێو جەمسەرە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیەدا هێزی زیاتری پێبدات. بەڵام لاوازیی حکومەت و ناڕوونی دۆخی سیاسەتی ناوخۆیی و دەستوەردانی دەرەکی، گومانیان لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە درووستکردووە.

شامی نوێ دەتوانێت وەك شمشێرێکی دووسەر بێت بۆ هەرێمی کوردستان. لەڕووی ئابوورییەوە دەتوانێت بایەخی رێڕەویی هەرێمی کوردستان بۆ بەستنەوەی عێراق بە تورکیا و ئێران و سووریا کەمبکاتەوە. ئەگەرهاوکاریی توندوتۆڵی سیاسی و ئەمنی عێراق و ئوردن و میسر، لە ماوەی درێژخایەندا، گەشەی زیاتر بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراق بدات ئەوا بۆ کورد خراپە. بەڵام ئەگەر، ئەمە خواستی سوننەکان بۆ فیدراڵیزەکردنی زیاتری عێراق گەورەتر بکات، لە قازانجی کورددا دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، هەرێمی کوردستان و کورد بە گشتی، بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا کێشەی کەمتری لەگەڵ جیهانی عەرەبی هەیە و ئاسانتر دەتوانێت لەگەڵیان رێکبکەوێت. بۆیە سەربەخۆیی زیاتری عێراق لە وڵاتە غەیرە عەرەبییەکانی ناوچەکە، لەماوەی درێژخایەندا بە قازانجی هەرێمی کوردستان دەبێت.

---

[1] -

https://aawsat.com/home/article/2862486/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7%D8%B8%D9%85%D9%8A-%D9%8A%D8%AC%D8%AF%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B9%D9%88%D8%A9-%D8%A5%D9%84%D9%89-%C2%AB%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%AC%D8%AF%D9%8A%D8%AF%C2%BB

World Bank Group. 2014. Over the Horizon : A New Levant. Washington, DC. © World Bank. - [2]
".https://openknowledge.worldbank.org/handle/10986/20491 License: CC BY 3.0 IGO

URI

- [3]
https://www.forbes.com/sites/noamraydan/2020/05/21/long-sought-iraq-jordan-pipeline-hits-new-roadblock-amid-pandemic/?sh=3134ea864a24

- [4]
https://www.alhurra.com/business/2020/05/22/%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%88%D8%B9-%D9%86%D9%81%D8%B7%D9%8A-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B1%D8%AF%D9%86-%D8%A8%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D9%8A%D9%88%D8%A7%D8%AC%D9%87-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D9%87%D9%88%D9%84

- [5]
https://www.aljazeera.net/ebusiness/2020/11/1/%D9%85%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%B9-%D8%A5%D8%B9%D9%85%D8%A7%D8%B1-%D9%85%D9%82%D8%A7%D8%A8%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B7-%D8%A7%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9

https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=124111- [6]

- [7]
https://en.eipss-eg.org/wp-content/uploads/2020/08/Egypts-Enormous-Electricity-Surplus-%E2%80%93-Achievement-or-Impasse.pdf

https://al-ain.com/article/line-transport-passengers-land-egypt-jordan-iraq- [8]

- [9]
https://www.alhurra.com/iraq/2020/08/21/%D9%82%D9%85%D8%A9-%D8%AB%D9%84%D8%A7%D8%AB%D9%8A%D8%A9-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B1%D8%AF%D9%86-%D9%88%D9%85%D8%B5%D8%B1-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%81%D9%8A-%D8%B9%D9%85%D8%A7%D9%86

https://arabic.cnn.com/middle-east/article/2020/08/25/jordan-egypt-iraq-coperation- [10]

https://fas.org/sgp/crs/mideast/R44984.pdf - [11]